# "قسه هەزارە و، هەر یەکێکیشی بە کارە"

## کوردستان پێویستیی بە گۆڕینی ژێرخانی پێکهاتە و ڕەوتی دەسەلاٌتە

ئەلمانیا : جەمال نەبەز

2008/9/9

کەسانێك کە بە دوای بابەتی مێژووی رامیارییی وکۆمەلگەی کوردستاندا دەگەڕێن و، بە هۆشیاری و ویژدانەوە لێی هوردەبنەوە، دەزانن رەخنەی من لە هەلسوکەوت وبیروبۆچوونی ئەو کۆمەلٌ وحیزبە کوردیزمانانەی خۆیان کردووە بە دەمڕاستی کورد، زۆر کۆنە ولە پە نجا سالیش کۆنترە. لەم بارەشەوە، چ بە دەنگ وچ بە نووسین، گەلێك باس ولێکۆلێنەوەم بە کوردی و چەند زمانێکی دی تۆمار کردووە، کە هێندێکیان چاپکراون وهێندێکیشیان بە ڕووی ئینتەرنێتەوە هەن. وا لێرەدا هەولٌدەدەم لایەنێکی تایبەتیی تێبینی وسەرنجەکانم بە کورتی بخەمەوە بەرچاو:

هەر لە دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانییەوە و، پاش رووخانی کۆماری کوردستان، بە فرتوفێڵێکی نێونەتەوەیی، کە لەوەدا ئەمریکا وفەرەنسا وبەریتانیا وسۆڤێیت، هەر یەکەیان بە جۆرێك، بەشدارییان تێداکرد. ئەوجا، لە سێدارەدانی قازی محەممەد و، هەلاٌتنی مەلا مستەفای بارزانی بۆ سۆڤێیت و، دەستبەسەریی شێخ مەحمود لە گوندی داریکەلی و زیندانیکردنی ئاپۆ عوسمان سەبری لە سووریا و، نەبوونی سەرکردەیەکی رێسایی وا لە کوردستاندا، کە بتوانێ درێژە بە ڕێبەریی بزووتنەوەی کوردایەتی بدا، بۆشاییەکی رامیاری لێکەوتەوە و، بوو بە هۆی ئەوەی سەرکردەیەتیی بزووتنەوەکە بکەوێتە دەست چینی هوردەبۆرژوای خوێندەواری شارنشینی کورد، کە ئەم چینە بێهێزە، ئەو جەماوەرە چرووپرە و، ئەو رێزە بەرزەی لە نێوگەلدا نەبوو، کە سەرکردەیەتیی رێسایی هەیبوو. بێجگە لەوەش، هوردەبۆرژوای کورد، پەروەردەی ئەو قوتابخانە "سەردەمییانە" بوو کە داگیرکەرانی عەرەب وفارس وترك، بە چاولێکەریی ئەوروپاییەکان، بەلاٌم نەزانانە، لە پێتەختەکانی خۆیان و، بە ژمارەیەکی کەمیش، لە شارەگەورەکانی کوردستاندا کردبوویانەوە وخوێندنەکانیش، بە زمانەکانی وان بوون. ئەمە لە کاتێکدا، کە سەرکردەرێساییەکانی کورد، بە زۆری، لە نێو گوندەکانی کوردستاندا گەورەبووبوون و، خوێندەوارییەکانیشیان لە لای ئەو مامۆستا کوردانە بوو کە لە مزگەوتەکانی کوردستاندا وانەیان بە کوردی وبێ مزوپاداش، دەگوتەوە و، قوتابییەکانییان بە گەورە فەرمانی، واتە رێزگرتن لە باوك و دایك وبراگەورە ومرۆڤی گەورە، کە بە مەی دواییان دەگوت "خواپێداو" پەروەردە دەکرد. بە کورتی: چینی رێسایی (کلاسیك) و چینی هوردەبۆرژوای خوێندەوار، دوو جۆرە کولتووری جیاوازیان هەبوو. لێ چینی هوردەبۆرژوا وحیزبەکانی، لە بەر کەمی خۆی، چ بە ژمارە و چ بە هێز و چ بە رۆشنبیری، پێڕەوەیی چینی رێسایی دەکرد ولە خزمەتی ئەم چینە دا بوو. بەلاٌم کە بۆشاییەکە لە ڕێبەریدا هاتەکایە، هوردەبۆرژوا لە بەر ئەم لاوازییە چەندایەتی وچۆنایەتییە، و لە ڕێی پێوەندییەوە بە هوردەبۆرژوای عەرەب وفارس وترك، کە زۆربەیان روویان لە کۆمۆنیزمی سۆڤێیتی کردبوو، ناچار بوو ببێتە پاشکۆی هوردەبورژوای عەرەب وفارس وترك و، مارکسیزمی سۆڤێیتی وزۆرناژەنیی بێ بەرامبەر بۆ رژێمی سۆڤێت، بکاتە سەرمەشقی بیرۆکەی خۆی وبە هۆی ئەوەشەوە، لافی سەرکردەیەتیی "چینی کرێکار وجۆتکاری کوردستان" لێبدا و، درۆشمی بنچینەیی سەرکردەیەتیی رێسایی، کە بریتی بوو لە سەربەخۆیی کوردستان، بگۆڕێ بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ودیمۆکراتی بۆ ئەو دەولەتەی پارچە کوردستانەکە بەستراوە پێوەی. شان بە شانی ئەمەو، بۆ رازیکردنی دلٌی عەرەب وترك وفارسەکان و، بە تایبەتی چەپییەکانیان، هوردەبۆرژوای کورد کەوتە

چە پلەلێدان بۆ یەکێتیی خاکی کوردستان ودەوڵەتە داگیرکەرەکان وبرایەتیی درۆزنەی کورد وگەلانی ئەو دەوڵەتانە و، بەو پەڕی توندوتیژییەوە دژی سەربەخۆیی کوردستان وەستا و، ئەمەشی، وەك داگیرکەرانی عەرەب وترك وفارس، بە "جیابوونەوەخوازی" و"شۆڤێنیزم" دەدایە قەلەم. لەو کاتەشەوە و هەتا ئێستە، گەلێك شەڕ و بەیەکدادانی نێو خۆیی لە نێو ئەم حیزبەکوردزمانانەدا، لە سەر وەدەستهێنانی ئەوەی پێیاندەگوت "پێشڕەوی" وهێنانە سەرکاری گوایە "چینی پرۆلیتاریا"، روویاندا و، ژمارەیەکی بەرچاویش بوونە قوربانی، کە دوایی ئەم کوردکوژییەیان نێونا "شەڕی براکوژی"!. هەموو تێکرژانێکی چەکدارانەشیان لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستان بۆ ئۆتۆنۆمی ومافی کولتووری، هەروەها وتوویژ و "پە یمانبەستن" و"هەڤالبەندێتی" یان لە گەڵ ئەو داگیرکەرانە و، سەرلەنوێ تێهەڵچوونەوە لە شەڕ، هەمووی بێ پرسوڕای گەل وبێ گوێگرتن لە راوێژ و ئامۆژگاریی کەسانی خێرخواز و کارزان پێکهێنران و، هەمووشی بە شکست وئەنفال وراگواستن و دەربەدەری و گەلکوژیی لە کورد ومالوێرانیی خەلکی کوردستان کۆتاییان هات و هیچ سەرکەوتنێکی بە دەست نەهێنا. دەبێ لێرەدا ئەوەش بێژم کە حیزبەکانی هوردەبۆرژوای کورد، ئەگەرچی پاش هەرەسهێنانی رژێمی سۆڤێت و"بلۆکی رۆژهەلات"، بە خشکەیی، مالی خۆیان گواستەوە کەمپی ئەمریکا وبەرەی سەرمایەداری، کە لەوەپێش بە نەحلەتیان دەکردن، لێ لە رێکار وجۆری کارگێڕی وهەلسوکەوتدا، هەر لە سەر سەنترالیزمی ستالینێتی مانەوە.

گرنگ لێرەدا ئەوەیە بگوترێ، لە پاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە وتا ئەوڕۆ، چەند دەرفەتێکی گونجاو بۆ کورد هەلکەوتن، وەك کودەتای قاسم لە عێراق (1958) و، شۆرشی گەلانی ئێران وڕووخانی رژێمی شا (1979) و، جەنگی هەشتسالەی عێراق وئێران (1980-1988)و، بە نرخترین هەلیش، رووخانی رژێمی سەددام وهەرەسهێنانی دەولەتی عێراق بوو لە بێخ و بنەوە و بە لەشکر وپۆلیس وتەواوی دەزگە و دوکانە دا پلۆسێنەکەیەوە. بەلام با بزانین هوردەبۆرژوای کورد لەم دەرفەتە ژیارییانەدا چ کارە بوو؟

ئەز وەك مرۆڤێك کە لەو سەردەمانەدا ژیاوم وئاگام لە بارودۆخەکانی ئەو دەرفەتانە هەیە، دلنیام کە حیزبەکوردزمانەکانی هوردەبۆرژوا، نەك هەر نەیانتوانی سووت لەو دەرفەتانە وەربگرن وبەس، بەلکو لە ماوەی ئەو دەرفەتانەدا کارێکیان کرد کە لە باتی کەلك وەرگرتن، زیانی زۆر گەورەش بە کورد گەیشت، بۆ وێنە: لە سەردەمی قاسمدا (1958-1963) حیزبی کوردزمانی ئەو سەردەمەی عێراق، بەرامبەر بەندێکی دەستووری کاتی کە کوردی بە "هاوبەش" دانا بوو لە عێراقدا و، عێراقیش بە "بەشێك لە نەتەوەی عەرەب" واتە: کوردی بە عەرەب دابووە قەلەم، هاتن چارەنووسی کوردیان بە قاسمەوە بەست و، قاسمیان گەیاندە ئاسمان و، نێویاننا "کاکە کەریم". کە "کاکە کەریم" یشیان کاری نەما پێیان و، کەوتە شەڕفرۆشتن بە کورد، ئەو بزووتنەوە چەکدارییە پەیدابوو کە دوایی بوو بە شۆرشی ئەیلوول ولە 1961ەوە تا سالی حەفتا 1970 درێژەیکێشا. بەلام لە 1964ەوە تا 1970، تاقمێك هوردەبۆرژوای خوێندەواری کوردزمانی عێراقچی، لە سەرکردایەتیی شۆرش جیابوونەوە و، بە چەك ویارمەتیی رژێمی عێراق، شەڕی پێشمەرگەیان کرد، هەتا مەلا مستەفای بارزانی ناچار ما "رێکەوتنی مارت" (1970) لە گەل حکومەتی ملهوڕ ودیکتاتۆری بەعس ئیمزا بکات. کاربەدەستانی شۆرش کە زۆربەیان سەر بە چینی هوردەبۆرژوا بوون وئێستەش هێندێکیان لە تەمەنی پیری وکەفتەکاریشدا، هەر دەسەلاتدارن، نابەرپرسیارانە، چوار سالێ کاتیان دا بە بەعسیەکان بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتنامەکەو، بێ بەرنامە کەوتنە چاوەڕوانی، تا دەرفەت بەسەرچوو. بەعس، لەو ماوەیەدا خۆی بە تەواوی لە نێوەوە و دەرەوەی ولات کۆکردەوە و، کە لە مارتی 1974دا شەڕ بە هیوای پشتگیریی شای ئێران هەلگیرسایەوە، ئەوە بوو،

ئه نجامه‌كه‌ی په یمانی جه‌زائیری لێكه‌وته‌وه و، شۆڕش له شه‌و ورۆژێكدا ئاشبه‌تالی پێكرا. هه‌موو هه‌وڵدانێكی كاژێك بۆ پشت نه‌به‌ستن به شای ئێران وباوه‌ڕنه‌كردن به به‌عس، گوێ نه‌گیرالێی.

خوێنه‌ره‌وه ده‌توانێ مێژووی شۆڕشی ئه‌یلوول له‌و سه‌میناره‌دا ته‌ماشا بكات كه له ساڵی 1971 دا به‌زمانی ئه‌لمانی بۆ كورد ودۆستانی كورد له به‌رلین گرتوومه و، وه‌رگێڕانه كوردییه‌كه‌شی دوو جار چاپكراوه و، له ئینته‌رنێتی "كوردبوون" و كۆنگره‌ی نیشتمانیی كوردستان" یش دا راگیراوه، له ژێر سه‌ر نێوی "كوردستان وشۆرشه‌كه‌ی"و له 332 لا په‌ڕه‌دا.

ده‌رفه‌تی شۆڕشی گه‌لانی ئێرانیش هه‌ر به‌و جۆره له ده‌ستدرا. له‌و ماوه‌یه‌دا شه‌ڕ له نێوان حیزبه كوردزمانه‌كانی رۆژهه‌ڵاتی كوردستاندا، بۆ وێنه: كۆمه‌ڵه‌ی زه‌حمه‌تكێشان وحیزبی دێمۆكرات هه‌لگیرسا و، تای ته‌رازووی كوردی، لای رژێمی خومه‌ینی لاسه‌نگ كرد. هیچ مافێك به كورد ره‌وا نه بینراو، كه جه‌نگی ئێران وعێراقیش پاش ماوه‌یه‌كی كورت كڵپه‌ی سه‌ند، حیزبه كوردزمانه‌كانی باشوور بوونه هه‌ڤالبه‌ندی بێ به‌رامبه‌ری رژێمی خومه‌ینی و، حیزبه‌كانی رۆژهه‌لاتیش بوونه هه‌ڤالبه‌ندی بێ به‌رامبه‌ری رژێمی سه‌ددام وكه‌وتنه گیانی یه‌ك و، یه‌كێتیش چه‌ند جارێك ئه‌م به‌رو ئه‌و به‌ری كرد و، ئه نجامه‌كه‌شی به ئه‌نفالكردن له كورد و به كارهێنانی چه‌كی كیمیایی له دژی كورد و راگواستنی كورد وبه عه‌ره‌باندنی باشووری كوردستان و، له‌و لاشه‌وه به سه‌ركوتكردنی كورد له رۆژهه‌ڵاتی كوردستاندا بڕایه‌وه.

خۆ ئه‌گه‌ر حیزبه كوردزمانه‌كانی هه‌ردوولا، له شه‌ڕدا بێلایه‌ن بوه‌ستانایه و له باتی له یه‌ككوژی، له نێوخۆیاندا هاو ئاهه‌نگییه‌كیان هه‌بوایه، ئه‌وا نه‌ك هه‌ر زیان به كورد نه ده‌گه‌یشت، به‌لكو له‌وانه‌شبوو كه‌ڵكی پێبگات.

خوێنه‌ره‌وه ده‌توانێ سه‌رنجێكی ئه‌و سه‌میناره بدات كه له ساڵی 1988 دا وپێش راوه‌ستانی جه‌نگی ئێران وعێراق له سوێد گرتوومه وتا ئێسته دوو جار چاپكراوه، له 1989 دا له سوێد و له 2008 دا له هه‌ولێر، له ژێر سه‌رنێوی "ئێسته و پاشه‌ڕۆژی نه‌ته‌وه‌ی كورد له به‌ڕگری ئاگری جه‌نگی ئێران وعێراقدا" تابزانرێ ئه‌و پێشبینییانه، هه‌موویان راست ده‌رچوون یان نا.

به نرخترین وهه‌لكه‌وتووترین ده‌رفه‌ت بۆ كورد له سه‌تسالی رابوردوودا، په‌لاماری ئه‌مریكا وهاوپه یمانه‌كانی بوو بۆ سه‌ر عێراق ورووكردنه كوردیان به ناچاری وداماوی، كه ئه‌مه‌م له رۆژی په‌لاماره‌وه وهه‌تا ئێسته، چه‌ند جار خستووه‌ته به‌رده‌م سه‌ركرده وكاربه‌ده‌ستانی حیزبه كوردزمانه‌كان ورای گشتیی كوردستان. بۆ سووتوه‌رگرتن له‌و هه‌له و له كاتی خۆیدا، چۆنكه ئه‌و ده‌رفه‌ته به‌ڵگه‌ی خسته ده‌ست كورد وریی ئاواڵه‌كرده‌وه بۆیان، كه خۆیان له به زۆر كردنه عێراقی رزگار بكه‌ن، یان هیچ نه‌بێ كێشه‌كه‌یان بهێننه سنوورێكی نێونه‌ته‌وه‌ییه‌وه. به‌لام حیزبه‌كوردزمانه‌كان، باشووری كوردستانیان، به ده‌نگی خه‌لكه‌كه خۆیان و، به چه‌په‌ڵه ڕێزان، جاره‌كی دی به عێراقه‌وه به‌سته‌وه. لێره‌دا هه‌ر حیزبه‌كان گوناهبارنین، جه‌ماوه‌ره‌كه‌ش گوناهباره.

پارتی ویه‌كێتی، كه پاش راپه‌ڕینی جه‌ماوه‌ریی به هاری 1991 و ئه‌وجا گه‌لڕه‌وه ملوێنییه‌كه، كه بوو به هۆی دامه‌زراندنی "نه‌وای ئارام" به بریاری كۆمه‌ڵه‌ی نه‌ته‌وه‌یه‌كگرتووه‌كان، توانییان زۆر به هه‌زاران ده‌سه‌ڵات بكه‌وێته ده‌ستیان و، خه‌لكه‌كه‌ش له دڵپاكی و ساده‌یی خۆیانه‌وه و، وله داخی ئه‌و هه‌موو تیرۆره‌ی كه له به‌عسییه‌كان دیبوویان، ده‌نگیاندا دابۆیان و، باوه‌ڕیان به به‌ڵێنه‌كانیان كرد. به‌لام ئه‌وان هه‌ر له‌سه‌ر رێ وشوێنی كۆنی خۆیان رۆیشتن و پاش ماوه‌یه‌كی كورت له هاتنه‌كایه‌ی حكوومه‌تێكی نێوچه‌یی، له سه‌ر ده‌سه‌ڵاتی تاقانه وده‌سكه‌وتی پاره، كه‌وتنه‌وه گیانی یه‌ك وشه‌ڕی خۆكوژی. هه‌ر له‌و كاته‌شدا پشێپشێكردن بۆ ئه‌و عه‌ره‌بانه‌ی كه گوایه دژی

رژێمی سەددام بوون و، وەك پەنابەر لە ئێران وسووریا وئەردەن وئەوروپا و"نەوای ئارام" دەژیان و، هیچ جۆرە دەسەلآتێکیان نە بوو. لە نێو ئەوانەشدا، کەسانێك هەبوون، کە کۆنە بەعسیی تاوانبار وئەنفالچی و، تۆرانیی سەر بە رژێمی ترك و، سیخوڕی ئێران بوون و، لە نێو عێراقدا هیچ هێزێکیان نە بوو. لە کاتێکدا حیزبەکوردزمانەکان لەم ماوەیەدا (1992 تا 2003) واتە یانزە ساڵی رەبەق، لە سێ ستانی باشووری کوردستاندا فەرمانڕەوا بوون، بەلآم ئەوان هەر لە سەر عێراقچیێتی وخۆکوژی درێژەیان بەرامیاریی خۆیان دا و، لە ئە نجامی ئەمەوە قاتوقڕی وبرسێتی روویکردە خەلکی ئەو سێ ستانە و، خەلکەکەش ناچارمان شتومەکی نێوماڵ وجلك وبەرگی خۆیان بفرۆشن تا لە برساندا نەمرن و، ژمارەیەکی زۆریش رێی هات ونەهاتیان گرتە بەر و ولاتیان بەجێهێشت و، خۆ ئەگەر پرۆژەی "نان بە نەوت" نەبوایە، رەنگە هەر خۆیان ولا یەنگرەکانیان لەو سێ ستانەدا بمانایەوە.

لێرەدا دەبێ ئەوە بێژین، رەنگە حیزبە کوردزمانەکانی عێراق بۆ رۆیشتن لە سەر رەوشی عێراقچیێتی وباسی فیدرالی لە سەردەمی پێش هەرەسهێنانی دەوڵەتی عێراقدا، هێندێك بیانوویان هەبووبێ، چۆنکە ئەو دەمە عێراق دەوڵەتێك بوو، حکوومەتێکی دانپێدانراوی هەبوو، لەشکرێکی زۆر بە هێز وپۆلیس وئاسایشێکی تۆقێنەری هەبوو، هەروەها پێوەندیی دیبلۆماسیی لە گەڵ گەلێك ولاتی جیهانی هەبوو، بەلآم کە دەوڵەتی عێراق بەجارێ رووخا وداتە پی، ئەوا ئەو بیانووانە نەمان و، دامەزراندنەوەی عێراق، بە خۆی ولەشکر و پۆلیس وپێوەندیی دیبلۆماسیی نێونەتەوەیی وکردنەوەی بە ئەندامی کۆگەی عەرەب لە لایەن ئەم دوو حیزبە کوردزمانەوە، لە خۆکوژی، واتە کورد کوژی بەولاوە، چ مانایەکی دیکە دەگەیەنێ، ئەوە نەبێ کە ئەمانە گەلێك لە عەرەبەکانی عێراق، عێراقیترن؟ ئەو جا کەوایە و بەڕێز مام جەلال هاتنەکایەی دەوڵەتی کورد بە "خەون وخەیال"ی هۆزانان وبیرۆکەی "رەگەزپەرەستان" دەزانێ، ئێدی ئەم حیزبە کوردزمانانە، بۆ چی وشەی کوردستان لە خۆیان ناکەنەوە ویەکسەر بە نێوی عێراقەوە کارناکەن؟ بۆ ئەوەی ئەو دەمە، میلیشا شیعە وسوننەکان کە بوونەتە "لەشکری عێراق"، وێنەکەی مام جەلال لە جلەولا دانەگرن وسووکایەتیش بە ئەندامانی حیزبەکەی نەکەن؟. خۆ ئەگەر کورد مافی ئەوەی هەیە، وەك هەر نەتەوەیەکی دی، سەربەخۆیی ودەوڵەتی هەبێ، بەلآم ئەو مافە لە بارودۆخی نەگونجاوی ئێستەدا جێبەجێنەکرێ، وەك کاك مەسعوود بارزانی لە 2008/8/28دا بە رۆژنامەی "الشرق الاوسط" دەبێژێ، جا ئێستە، دەبێ ئەو پرسیارە لە بەڕێزی بکرێ، ئایا لەم پێنج ساڵەی دواییدا و، لەم دەرفەتە مەزنەدا، چ ئامادەکارییەك کرا بۆ هێنانە دی بارودۆخێکی وا گونجاو کە ئەو دەوڵەتە لە دامەزراندن نێزیکبکرێتەوە؟ ئایا دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق ولەشکری عێراق، لە سەرەتاوە بە دوو لیوای پێشمەرگە، وەك کاك مەسعوود خۆی گوتی و، بەو کوڵ دڵە، لە بەر خاتری دروستبوونی دەوڵەتی کورد بوو؟ باشە، کە کاك مەسعوود لەو وتووێژەدا حکوومەتی عێراق بە حکوومەتێکی "بێ بەڵێن وتۆتالیتێروتاکرەو" دەزانێ و، پلەی بابەکر زیباری وەك سەرۆك سوپای عێراق، بە پلەیەك بۆ "رواڵەت" دادەنێ، ئەوە چۆنە کە کاك مەسعوود ئەمە چەند ساڵە پشتی ئەو حکومەتەی گرتووە و، پاشان، ئایا هەر پارتی ویەکێتی نە بوون کە نووری مالیکی یان هێنانە سەرکار؟ ئایا بەڕێزی، تازە مالیکی وحکوومەتەکەی ناسیوە؟ بە ڕاستی زۆر سەیرە، لە لایەکەوە پارتی ویەکێتی خۆیان بە بەشێك لە حکوومەتی عێراق دەدەنە قەلەم و، بەڕێز دوکتۆر بەرهەرم ساڵح، جێگری سەرەکوەزیرانی عێراق، نووری مالیکی یە، کە چی بۆ چارەسەری گیروگرۆی ئێستەی خانەقین، د. بەرهەم ساڵح، وەك ئەندامی شاندی کورد، دەستنیشاندەکرێ بۆ وتووێژ لە گەڵ حکوومەتی عێراق، واتە حکوومەتی عێراق لە گەڵ حکومەتی عێراق وتوێژدەکات!!

سەیر ئەوەیە، د. بەرهەم سالّح دان بەوەدا دەنی کە دەیانتوانی لە سالّی 2003 دا کەرکووك، وەك کاریکراو (امر واقع)، بخەنەوە سەر هەریّمی کوردستان، بەلاّم خۆیان نەیانویستووە ئەو کارە بکەن. ئەم قسەی د. بەرهەم راستی راستە، بەلاّم ئایا ئەو هەلّویّستە هەلّویّستیّکی نیشتمانپەروەرانە بوو، یان بە هەلّەچوون بوو لە وەدا وئایا ئامادەن بەر پرسیاریّتیی ئەو هەلّەیە بگرنە ئەستۆی خۆیان؟

ئەم دەستدریّژییەی حکوومەتی عیّراق بۆ سەر کوردستان وهەلّویستی پەرلەمانتارانی شیعە وسوننە لە دژی کورد و، دوو زمانی ورۆلّی دژ بە کوردی ئەمریکا لەمەدا، شتیّکی نویّبابەت و سەیروسەمەرە وچاوەڕواننەکراو نەبوو، چۆنکە، سالاّنیّکە ئەم رۆژانە دەهیّنمە بەر چاوی حیزبە کوردزمانەکان وگویّی نادەنیّ. ئیّستەش ئەگەر خۆمان نەخا پیّنین، دەبیّ هەموو لایەك دان بەوەدا بنیّن کە دەسەلاّتی حیزبە کوردزمانەکان، نەك هەر نەیتوانیوە، سادەترین پیّویستی رۆژانەی خەلك وەك: ئاووکارڤا ودەرمان وسووتەمەنی وپۆستە وکار، دابین بکات و، نەك هەر نەیتوانیوەگوندەکان وبەرهەمی کشتوکالّی وئاژەلّی بژیّنیّتەوە و، نەك هەر ئەوەی سەرەڕای هەڕاجکردنی سامانی نەوتی کوردستان، نەیتوانیوە، قانوونی نەوت وگاز بە پەسەندکردن بگەیەنیّ، نەك هەر ئەوەی نەیتوانیوە کیّشەی پیّشمەرگە ونیّوچە داگیرکراوەکانی کوردستان بە لایەکدا بخا. نەك هەر نەیتوانیوە ریّ لە ژنکوژی بگریّ، بەلکو کوردی تووشی رەوشیّکی زۆر مەترسیدار کردووە و، هەر یەك ریّگە ماوەتەوە بۆ بەرەنگاربوونی ئەو کارەساتەی چاوەڕوانی خەلکی کوردستان دەکات، ئەوەش بریاردانی بیّ گریّوگۆلّی هەردوو حیزبەکەیە، بە کشانەوە لە دەسەلاّت و ریّدان بە کۆمیتەیەکی بیّلایەن کە بۆ چەندمانگیّکی کەم دەسەلاّت بگریّتە دەست، بۆ ئەوەی گشتپرسییەکی ئازاد بەرێوەببا لە هەر سیّ ستانەکە ونیّوچە داگیرکراوەکانی باشووردا و، خۆ ئەگەر خەلك بریاری جیابوونەوەیان دا لە عیّراق، ئەوا لە ڕیّی پەرلەمانیّکی هەلّبژیّردراوەوە، لە کۆمەلّەی نەتەوەیەکگرتووەکان داوا بکەن، هیّزیّك بنیّریّ بۆ کەوتنە نیّوان باشووری کوردستان وعیراقەوە و، حکوومەتیّکی کوردستانیی کاتیش دەستنیشانبکریّ کە بنجی گەندەلی وژنکوژی وحیز بحزبیّنە وخزمخزمیّنە وکەسپەرستی لە بیخەوە دەربهیّنیّ و، سیستەمیّکی دیّمۆکراسیی کراوە بخاتە سەرپیّ، ئەو حکوومەتە، چۆنکە لە سفرەوە دەستپیّدەکات ولە گەلّ هیچ لایەنیّك دەرویّستی (التزام)ی نییە، دەتوانیّ سیاسەتیّکی نویّ ببا بەرێوە، لە ڕیّی چالاککردنی دەوری جەماوەر ودامەزراندنی لەشکری ناحیزبی دیسیپلینداری کوردستانییەوە. کورد گوتوویانە قسە هەزارە وهەر یەکیّکیّشی بەکارە. ئەم ڕیّیە نەك هەر خەلکی کوردستان دەپاریّزیّ، بەلکو بە تەواوی لە بەرژەوەندیی پارتی ویەکیّتیشە، هەر چەند دەزانم، خۆیان ئەورۆ هەست بە ڕاستیی ئەم پیّشنیازە ناکەن، چۆنکە ئەوتا پاش پیّنج سالّ وپاش ئەوەی عیّراقیان سەر لە نویّ دامەزراندووەتەوە، تازە تیّدەگەن کە حکوومەتی عیّراق ئەوان بە بەشدار نازانیّ، بەلکو بە فەرمانبەری پچووك.

پشتبەستن بە پەیماننامەی نیّوان ئەمریکا وعیّراق وهەولّدان بۆ ئەوەی بە پیّی مەرج، چەك بە عیّراق بفرۆشیّ، یان ساویلکانە دلّخۆشکردن بە هاتنە سەرکاری دیّمۆکراتیەکان لە ئەمریکا، پوولیّك ناهیّنیّ. عیّراق سالّی سەت ملیارد دۆلار بۆدجەی هەیە ودەتوانیّ لە لایەکی دی چەك بکریّ. دەولەتەکانی دراوسیّش ئامادەن بە خوڕایی چەك بە عیّراق بدەن بۆ کوشتنی کورد. لەشکری عیّراقیش چۆنکە میلیشیاییە، رۆژیّك دیّ کودەتایەك روودەدا وسەردەمی سەددام ورۆلی جاشایەتی لە کوردستاندا دەگەڕیّتەوە. لە بەر ئەوە دەبیّ ئەو رووداوە پیّشگیریی لیّبکریّ. خەفوور مەخمووری باش بۆی چووە کە دەبیّژیّ: ئەو شەڕە هەر دەقەومیّ، بەلاّم زوو بکریّ لە درەنگ باشترە. کاکە خەفوور با دلّنیابیّ، ئەو شەڕە کە روویدا. بەم دەسەلاّتەی ئیّستا نابریّتەوە.

www.jemalnebez.com